# پەلكەزێڕینەی نیسانێ

حوسێن مستەفا

بەم بەهارە
دەستێك، غیرەتی نەچووە
رواندنی گوڵێك.
كەچی سەدان،
گاشەبەردیان سرەواندە
خونچەی دڵێك.
چەند سەختە مرۆ
بەهار شەلالی رەنگی سوور بكا و
ڕووتی كاتەوە لە سەوزیی ژیان.
چەند سەختە ناڵەی
بێ دەسەڵاتی و
دوا نووزەی گیان.
چەند پڕ حەسرەتە
هاوارێك زەوی دابگیرسێنێ و
بۆكرووزەكەی بگاتە ئاسمان.
ئەو ناڵەی بیستم
دەنگێك بوو لەژێر دەستی چڵكنا
دەخنكێندرا.
ئەو خوێنەی بینیم
رەنگێك بوو لەنێو تاریكی رەشدا
دەڕەتێندرا.
پەلكەزێڕینەی حەوت ڕەنگەی جوانی

دوعای بریندار.

چیت داوە لەویٚ، لە قوببەی ئاسمان

تاویٚ وەرە خوار.

بنوارە زەوی چەند ماتەمباری تاوە بارانە.

بنوارە زەردەی خۆری بەیانی وەکو جارانە ؟

لەملا هەڵدەهیٚ بە ڕووی زەردەوە

لەولا رەت دەبیٚ بە سەد دەردەوە.

تۆ زەردەی خۆر بووی، کاتیٚ کە هاتی

کەچی نەتزانی بەو سپیٚدە زووە بۆچی ئاوا بووی ؟

نا نا گیانەکەم، ئەتۆ خۆڵ نەبووی

تۆ ئاوو گڕو، لە رۆحی با بووی !!